www.kurdistannet.org
23-5-2003 16:28

# قارەمانێکی کوردستان

نووسەر : عەبدوولا شلێر (پێشمەرگەیەکی دێرینی کوردستان)

پێشکەشە بە ( ( فەرووخی) ) خۆشەویستم

پێشەکی

لەبارەی قارەمانێکی کوردستان ( لە ئازەربایجانەوە)

( ( بابەکی خوورەم دین یان سۆورپۆشان، درەوشاوەترین ڕوخساری دژ بە تازەگەرییە.

بابەك دەگەڵ نیشتمانپەروەرانی ئازاو لەخۆ بردووی کوردستان، بیست ساڵی ڕەبەق دەگەڵ هێزەکانی داگیر کەری عەرەب — مقاوەمەت و بەرەنگاری کرد و لە زەمانی موعتەسەم دا ئیش و کاری بەجێ یەك گەیشت بوو کە تاکوو هەمەدان و ئەسفەهان داگیر کرابوو، ڕووداوی ئەم داستانە بە ووردی و بە بێ گۆڕان لە ڕووی کتێبی مێژوویی بەردەست هەڵگیراوەتەوە و ئەم کورتەیەش، بەشێکی زۆر کەم لەو داستانە کە بریتییە لە مەزنترین ڕووداوەکە) ) .

پەرویزی نەقیبی

تاران — ١٣٣٢ هەتاوی

( (قارەمانێك لە کوردستان ) )

بارزانییەکان بۆ سوور پۆشن ؟

قەڵای (بووز) ترس هێنەر و پڕ لە خۆڕاگری و سەرسووڕهێنەر لە تاریکی توند و تیژ و لێڵ و خەستی کێوەکان، بە باڵای بەرز و ڕاکێشراو وەستا بوو. لە دەر بیجەو پەنجەرەکانی پێشەوە ڕووناکییەکی سوور ڕەنگ بە دژوار دەگەڵ تەم و مژی دەور و بەری دەبیندرا. سێبەری قەڵا لەسەر گۆڕەپانی بەردینەوە، وەك هێو و لای ترس هێنەر سەرو گەردنی بەرز ببۆوە، و ڕاگری لە بێدەنگی و سکووتی بێ لێواری عاسمانی (سەبەلان) دا چاوەڕوانی دەکرد. وا بەر چاو دەکەوت کە سەیری ڕووناکی کزی ئەستێرەکان دەکا و خەریکی پشکنینی ترووسکە ترووسکی ئەستێرەکانە.

پیاوێك هێدی هێدی و بە ئەسپایی بۆ لای قەڵای (بووز) بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت، و بایەکی کزو سارد، دەم و چاوی دەتەزاند و بەفر و کڕێوە لە هەموو لایەك دەڕژایە سەر دەم و چاوو سەرو شانی، سوورەتی ( شێوەی) لەسەرمان تەزی بوو.

ئەو خێرا خێرا سەری بەرز دەکرد و دەیروانییە ژووری کێشك چییەکانی قەڵا، گۆیا دەیەویست نێوان و خۆی و قەڵاکە بزانێ.

دەستەکانی لەسەرمان تەزی بوو، بەقورسی بەسەرو ریش و دەم و چاوی دا دێنا، بەزەحمەت لەسەر کوڵمەکانی گیر دەبوو. لە خوارووی دۆڵ وشێوی.

قەڵا، گوورگێك بە حاڵ دەینووزاند و نووزەیەکی غەمگین و گریاناوی دەست پێ کردبوو، هاوار و نووزەی لەو دۆڵە دا دەپێچرایەوە و بڵاو دەبۆوە، و دەگەیشتە سەر شاخەکان و دەنگی لە ناو بەردەکاندا دەدایەوە. پیاوەکە بێ ئیرادە دەستی بۆ خەنجەر برد و پەنجەکانی سەهۆڵ بەستوو، شل و شۆڵ و بێ هەست پێ کرد. سکووت و بێ دەنگی شاخەکان دواناڵەی گورگەکەی قووت دا، و توووند و تیژی خۆی تاشار، کە کەوتبووە خواروی قەڵا، بێ دەنگ و خەواڵوو بڵاو بۆوە و کەوتە ناو تاریکی شەوەوە. ئیتر گەیشتە بن دیواری ( (بریدە) ) کە حەوشی قەڵاکە بوو، بە درێژایی باڵا وەستا و تاوێك گوێی دایە ئاهەنگی ئاڵەتی روود و چەنگ کە دەگەڵ شنەی باڵەقەڵاکەوە دبیسترا و دەرچوو، ئینجا بە ئاسپایی سێ جار لە دەرگای نەهێنی قەڵای دا. دنگێکی لەو دیوی قەڵاکەوە پرسی کێیە؟ ولامی دایەوە: ئازین .... لەو دیوەوە دەنگێك بەرزنەبۆوە ئازین بەرزتر لە پێشتر ووتی : بژی بابەك. دەرگا لەسەر پانێ سوورا و چاوەکانی سەرما بردووی ئازین لە بەرامبەر تیشکی ڕووناکی فانووس و رما. ئامرهێز ئازین سەرکەوتووبی، شەو باش! .... شەوباش. سەرۆك بابەك لە قەڵایە. ئەورۆ ئێوارە لە شار گەڕاوەتەوە، وا لە ژووری قەڵادایە و لە ژوورەکەی سەرەوەیە.

* * *

ئازین لە پێش ژووری بابەك تاوێك وەمستا، قایشی پشتێندی توند کرد و خۆی کۆك و پۆشتە کرد، سووی سەری کە بڵاو ببۆوە خستیە ژێر کڵاو و مشکێکەی و بە ئاسپانی بە پتە لە دەرگای بابەکی داو و بابەك لە ناو ژوورەکەی دا ووتی کێیە؟ ...... ئازین بە دەنگێکی

www.kurdistannet.org
23-5-2003 16:28

پڕ لە خۆشی و هیوا، ووتی قووربان ئازینم. دەرگا کرایەوە و ئازین بەرانبەر گوولباز کیژی بابەك وەستا و گوولناز لە پشتەوە دەرگای داخستەوە... ئازین بەڕێز و ئیحترامەوە سەری کرنۆشی دانواند، و ووتی، سەرۆك ئەو کاتەت باش... ئاهوورامۆزدا بارت بێ ... گوولناز بەزەردەخەنەوە سووك و لە بار و بەناز، بە چاوەگەشاوەکانی روانیە ئازین و پیرۆزبایی لێکرد و ووتی: سەرۆك ئامرهێز بە خێرهاتی ... ئازین دیسان سەری ئیحترامی خوارکردەوە،

( (مێهرداد) ) کووڕی بابەك بە دم و چاوێکی لە گوولێ چووهەناسە لە سینگ تەنگ بوویدا، دەستی خستە سەرشانی ئازین و پرسی: سەرۆك برادەرانی ئێمە لە قەلاَی ئەرشەق دا خەریکی چن؟ ... ئازین بەیێکەنینەوە ووتی:– تا ئێستا بە بێ ئیشی دانایشتوون و چاوەڕوانی ئۆردووی ( ( موعتەسەم) ) ن . بابەك ووتی: زۆر باشە؟، شتی تازەت چ پێیە؟

سەرۆك ! ئیمرۆ هەوالّمان پێ گەیشت کە ( (ئەفشین) ) هاتۆتە ( (سەندبایەی و هەر لەوێ چادری هەلّداوە. (محمد بن یوسف) ) لە لایەن ئەفشینەوە بۆ بە دیوە بردن و چاك کردنەوەی قەلاَی (خووش) و هەلّکەندنی خەندەك و مەتەرێز دەگەلّ ژمارەیەك لە عەسکەرەکان) ) هاتوون بۆ قەلاَی (خووش) . عەجەب؟... سەیرە؟ ئەفشین خەیزەر کووری کاك (کاووس) ) ؟ بۆتە جاش و هاتۆتە شەڕ و ڕووبەڕوو بوون دەگەلّ ئێمە!؟ – ئازین سەری داخست و بێدەنگ وەستا. بابەك بە تووڕەیی و نارەحەتی درێژەی بە قسەکانی دا: ئەفشین شازادەی ( (ئەشرووسە نە) ) (جاشێتی موعتەسەمی) ) قبوولّ کردوە. بە مەسەنجەرە و گالّتەوە پێکەنی، ها، ها : ئەو دەگەلّ ئێمە ئایەتی دۆستایەتی

دەخوێندەوە و داوای برایەتی لێ دەکردین و ئێستا، چ قەماوە کەوا زوو ناوەڕۆکی گلاَوی خۆی رووکرد و خۆی بە ڕوو ڕەشی و بەزیوی پێشان دا. چەند زوو نووسراوەکان و نامەکانی کە ئێمەی بە ڕاپەڕین بە دژی ئەو عەرەبە ترسنۆکم و تالاَن کران و داگیرکەرانە راپەڕاند، لە بیرخۆی بردۆتەوە!؟ تێکەلّ بە راورسینی ئەنفال بۆتەوە؟ دەنگی گۆڕانی تێکەلّ دەگەلّ دەفەو چەنگ دەگەیشتە گوێی. ئالەتی ( (چەنگ) ) بە نووزەی درێژ و ڕاکێشراو ( (ژەنگ) ) هەرا و نالّەی دەکرد، دەنگی بەم و پیاوانە گۆڕانی و حەیرانی دەگووت. ئینجا، هەرا و هۆریای پێشمەرگەکان و هاواری شادی یان بوو، تاوێك سرودەکە یان بێ دەنگ کرد... بژی بابەك – و شادی و هەلهەلە و خۆشی، پڕ بە سینگ هاواریان دەکرد: بژی بابەك سەرکەوتووبێ هێزی بەرگری، سەربەرز و سەرکەوتوو و شاد و پایەداربێ بابەك.

***

سەرۆك !! یەکێك لە عەسکەرەکانی عەرەب، لە بن دیواری قەلاَ کەوتووە، ئەو برینێکی بەسەر سینگەوە دیارە، بەلاَم سەیر ئەوەیە بە زمانی پەهلەوی ئەدوێ.... بێدەنگی خێرا لە سووچ و پەنای ژوورەکە وەخۆی کێشایە پێشەوە و بە قوورسایی و نیگەرانی خۆی بەسەر ئەو کەسانەدا کێشا، کە لە ژوورەکە دا بوون، بابەك پاش تێ و ڕمان و کەمێك بیر کردنەوە پرسی. . – لە عەسکەرەکانی عەرەب؟

-بەلّێ سەرۆك بەیانی دیوار قەلاَ ( (بریدە) ) وە دیوە.

• سەرۆك ئازین پرسیاری کرد. – برینەکەی کاریگەرە؟

قەلّشتی دەمی خەنجەری پێوە دیارە کە خوارووی دلّی کوون کردوە

ئەو پێشمەرگەی کە لەبن دیوار چاوی پێکەوتووە دەلّێ:

خەنجەرەکە هەروا بە دەستی خۆیەوە، و ئێستاش کالانی خەنجەرەکەی بەتالّە. وا دیارە کە خۆی، خۆی بریندار کردبێ.

گوولّناز سەری سووڕما – زۆر سەیرە ! بابەك دەستوری دا برینەکەی بپێچنەوە و لە جێگایەکی باش بی حەوێنن. گولّناز خێرا ڕاپەڕی و پێشمەرگە یەکیش بە دوایەوە تیرو کەوانەکەی خستە سەر پێ و کردییە شانی و دەستە و خەنجەر لە ژوورەکە دەرکەوتن.

***

عەسکەرە عەرەبەکە پیاوێکی مام ناوەندی و زۆر درێژ نەبوو، دم و چاوی ڕەش ئەمەر و زەعیف کالّە لە ناو جێگەکەی دا کشابوو، سەلّتەیەکی درێژ و فش و فۆلّی لەبەردابوو. لە ژێر سەلّتەکەدا کراسێکی کوورت و گوولّ دۆزی کراو و تەنگ بە چەشنی ( (ساسانیەکان) ) ی لەبەردا بوو، بەر چاو دەکەوت، کە خەنجەرێکی دم کوورتی هیلالی عەرەبانەی لەبەر کەمەردا بوو دەبیندرا.

www.kurdistannet.org
23-5-2003 16:28

هەناسەی قوورس و خێرا خێرا سینگی دەجوولاندەوە، چەند دڵۆپە خوێن دەلەمەکراو و توونـد و ڕەش بە یەخەو و باسکەکانیەوە دەبینـدرا. کاتێك بابەك دەگەڵ چەند کەس هاتنە ژووری برینـدارەکە، کابرا چاوی بە بابەك کەوت، ویستی بە زەحمەت بجوولێتەوە بەڵام کرکە و نارەحەتی پێشی پێ گرت، بەڵام دەنگی بەسترِاوی کۆکەکەی هێندە بە زەحمەت لـە سینگی دەر دەچوو، کە ئەوانیشی تووشی نارەحەتی و ئێش و ئازار کرد. بابەك لـە پەنای جێگەکەی ئەژنۆی دا دا تێکۆشا هەتا ئارام بێ و نەجوولێتەوە و ئارام و بێ دەنگ بێ، و دەفرە ئاوێکی بە دەمەوەکرد، عەسکەرەکە بە دوو دڵی و نیگەرانیەوە ئاوەکەوی خواردەوە، و هەندێك هەناسەی هاتەوە جێ، و کاتێك کۆکەکەی نەما و ووتی: دەمەوێ چاوم بە سەرۆك بکەوێ ... بابەك پرسیاری لێ کرد و ووتی : کارت پێیەتی؟ سەربازەکە سەری ڕاوەشاند. بابەك ووتی من خۆمم و فەرموو... چاوێ کردنی عەسکەرەکە دەترووسکایەوە و، ویستی ڕاپەڕێ و لـە جێگا بجوولێتەوە، بابەك نەیهێشت و پرسیاری لێ کرد. – ناوت چیە؟ ... فەیرووز ... یەکێك ڕامالّی و ووتی لـە خۆمانە. ئەوانی تریش ووتیان مەگەر نازانی و نابینی چ جوان بە زمانی ئێمە دەدوێ؟ .... گوڵناز بە دەفرێکی پڕ بە شیر هاتە ژوورەوە، بابەك لـە دەستی وەرگرت و لـە کاتێك دا کە دەستێکی لـە ژێر چەنەی عەرەبەکە ڕاگرتبوو بە دەستەکەی تری شیرەکەی دەرخواردی فەیرووز دا. فەیرووز لێوەکانی جوولاندەوە و هەندێك جوولایەوە، و بە ئارامی، بە نارەحەتی لـە ماندو بوون ناڵەی لێ بلند بوو، ز بە ووردی ووتی: سەرۆك! من لایقی ئەو، خۆشەویستیە نیم، .... من مرۆڤێکی بەدبەخت و چارە ڕەشم و لـە پڕ دەستی کرد بە گریان و شاپۆرلێدان و دەنگی غەمگین و نووزە، نووزە وە، هاواری دەربڕی. سینگی خێرا خێرا هەڵەوەماسی و تەکانی دەخوارد، دەنگی هاوار و نووزەی، سکووتی ژوورەکەی شکاند. بابەك خێرا خێرا، دلّی دەدایەوە و ئەیگووت بدوێ، و قسە بکە .... وا دیارە هێشتا دلێکی ڕووناکت هەیە، و ویژدانت نەمردووە، بۆیە هەست بە گوناحت دەکەی ... قسە بکە و بدوێ، بۆ خۆت ئازار دەدەی و ڕەنج دەکێشی؟....

فەیرووز بە دەنگێکی بوفزگرتوو، دەنگ نووساوە کۆخە کۆخ کە هەموو جار دەنگی دەبڕا، درێژەی بە ووتەکانی دا. . من زۆر بەدبەخت و چارە ڕەشم... نەم توانیوە، خۆگری بکەم و زەعفم نیشان داوە... ئێستاش وا دەبینم کە بە مردن و خۆ لـەناو بردنیش ناتوانم ئەوزامە گەورە و تاوانانە پڕبکەمەوە ... خوایە! دەزانم بە پڕکردنەوەی سووچ و گووناحەکانیشم ناتوانم ڕاحەت و ئاسوودە درێژە بە ژیان بدەم، و ویژدانم هەروا زامار دەمێنێتەوە، ئازین بە مێهر و ڕووحم و عاتیفە و خۆشەویستی و دڵسۆزی یەوە، دەستی بە مووی سەریدا دەکێشاو مۆکانی بۆ ڕێك دەخست و بە، گەرمی و دۆستانە ووتی: براگیان بۆ بێدەنگی و هەست دەرنابڕی و قسە ناکەی؟ قسەی خۆت بکە، و هەرچی هەست پێ دەکەی بیلێ، دیارە بە دەربڕینی هەستت ویژدانت دەحەسێتەوە. وا دیارە گووناحێك لـە خوت دا دەبینی، و ڕەنج و ئاوار دەچێژی. بیلێ، گیانە، برای گەورە و هاورێم.

فەیرووز ئاخێکی درێژی کێشا. ئێوە چەند پیرۆز و بە هەست و خۆشەویستن؟ چەند گەورە و مەزن و بەرزن.

گوولناز لـە ژوور دەرچوو، و دەرگای بە توندی پێوەدا، کە دەرگاکە سکووتی شکاند. یەکێك لـە پێشمەرگە لاوەکان هاتە پێشەوە و بەرانبەر فەیرووز، وەستا و، ووتی: کاتێك دەتواندرێ تاوانێك پڕکەیتەوە، نابێ مۆلەت و هەلّ لـە دەست بدەی.

فەیرووز، بە ووردتر و بە هەست بە تین تر، وەڵامی دایەوە هەربۆ ئەو مەبەستە، کە بە زۆر و ڕاکێش، ڕاکیش خۆم گەیاندۆتە بن قەلا و بیرم کردەوە، کە تاوانەکانم پڕ بکەمەوە و ئێش و ئازاری سەر شانم سووك کەم. وە کۆخە کۆخ کەوت و خوێن ڕشایەوە – ڕەنگی هەتین هەڵگەڕا و بە زۆری هەناسەی هەڵدەکێشا. بابەك، باەکانە بالّنجی ژێر سەری ڕاست کردەوە، کە ڕاحەت تر، سەربینێتەوە. من خەلّکی شاری تیسفووم، .... ئەوان منیان مەجبوورکرد، کە دەگەڵ جەیشەکەیان هاوکاری بکەم، و بە شەڕبێم ....

شەوێك چەند کەسێ، ناکەسیان بە گرمەو هەرا و هاوار و تووڕەیەوە، دەرگاکەمیان شکاند و، لـە ڕەحمەیان برد و هەڵیان کێشایە دەر، بە جوێن و عەربەتەوە حۆیان بە مالّم داکرد و ڕژانە ژوورەوە.... ژنەکەم لـە ترسان بێهۆش بوو ... دوو دڵۆپ فرمێسك، لـە گۆشەی چاوەکانیەوە، ڕژایە سەر کوولّمەکانی و کەوتنە ناو ڕیشی و بزربوون.

ئەو جانەوەرانە، ژنەکەمیان دەگەڵ خۆیان برد، و یەکێك لـەوان بە زمانی ساسانی تێکەڵ و شکا و ناوگونجا و وشکستە و بە بێز هاتوو، ووتی: دەبێ تەسلیم مان بی و هاوکاریمان بکەی، ئەگینا ژنەکەت ئەکوژین. دیارە عەرەب هەست و ڕووحی لـە دلّدا نیە، و هەرچی، بێ ویژدانی نیە، لای ئەوان ئاسان و ئاسائییە، ئەوان دەیانزانی کە من ژنەکەم تا سنووری جنووب و شێتایەتی دەپەرستم و خۆش دەوێ... و دەیان زانی کە ئێمە نازە پێنج مانگە شایی مان کردووە بە سوونەتی نەتەوایەتی و ویژدانی پابەندین ... بە ڕاستی من لـە

www.kurdistannet.org
23-5-2003 16:28

بەرانبەر ئەو تاوانە گەورە و پڕ لە بێ شەرەفییە، نەم توانی خۆگری بکەم... نەم توانی لە بەرانبەر مەرگی نابە هەنگاوی ژنەکەم و تەنیا هومێد و ئەوینم، خۆ گرو بە توانابم، دەشم زانی بە تالان بردن و کووشتن و برین و ئەنفال کردن هەتا مالانیهایە، شتێکی ئاسایی و سەرەکیە... هەر بۆیە، لە پێناوی شەرەف، خۆم خستە ناو، گۆم و زلکاوی بێشەرەفی و ئاکاری نائینسانی و دژ بە گەلی و نیشتمان .... و چوومە ناو سپای عەرەبەکان و عەبا و، دیز دا شەپۆخل و چلکن و بێشەرمانەم لەبەر کرد. جلکی نەتەوەی خۆم لە پێناوی خۆشەویست و شەرەف و ئاوات و ئارەزووم فڕێ دا... ئاخ و هەزاران ئاخ. گوولناز کە بە دەفر و سینییکی پڕ لە خواردن هاتە ژوورەوە دەستی کرد بە، پرتە پرت و بۆلە بۆلْ. لە پێناوی ژنەکەت شمشیری خیانەتت بەرە و رووی گەلەکەتەوە هەلْکێشاوە؟ فەیرووز بە نالە و گریانەوە هاواری کرد – دەزانم کە کارێکی خراپم کردووە ... بەلاْم شمشێرم هەلْنەکێشاوە ... هەلْیشی ناکێشم .... دەنگی برا و سەری بێ حالْ بێ رەمەق بەلادا کەوت. بابەك بە کلاْك خواردنی بەزار دا دەکرد، و دەیلاواندەوە، وەدیگووت هێدی و ئارام بە، براگیان. . (( ئاهورامۆزدا )) تۆ دەبەخشی و لە تاوانتە دەبووری.

فەیرووز چاوەکانی کردەوە و بە چاوە، بێ هێزو کزەکانیەوە ڕوانییە سەرۆك بابەك. – ئەوان منیان دەگەلْ جەیشەکانییان ناردۆتە ئێرە... ناردوویانم کە دەگەلْ ئێوە بەشەر بێم... دوێ شەو لەکاتێك دا کە لەناو خەیمە و چادری خۆم دا بووم ویژدانی ووریام هەناسەی پێ تەنگ کردبووم. . ڕوخساری ژنەکەم لەپێش چاوم دەهات و دەچوو. . لە بیر و هەست و خووستم دا تاوتۆیەکی کووشندە و خنکێنەر، دلّی بێ تاوانی داگیر کردبووم. بیرم لە خۆم دەکردەوە کە بەیانی دەبێ دەگەلْ ئەو پێ خواسانە بە بەرووی براکانم دا دەست بۆ شمشێر بەرم و بکەومە ناوجەرگەی شەڕی ناخوازیار و براکووژی .... بێزم لە خۆم دەهاتەوە و ئاگر و بلێسەیەك لە ناو جەرگ و وجوودم دا کلْپەری دەکرد. دەتگووت شتێکی ئاسنین مێشك و دلّم بە خۆیەوە، دەکووشێ و دلّم بە چەنگالْ هەلْدەکێشن.... . چەند کاتێك لە هەستە دا بووم، و لەناو خەیمەی عەرەباندا ورمابووم. بە تەمابووم بێ هەست بێمە دەرەوە، و خۆم بکووژم و خۆم لە ناو داماویە و گێژاوە ڕزگار بکەم، بەلاْم هەرجار کە، ڕووخساری جوانکیلەی خێزانم بە تەماشایەکی ڕەش و قیراوی و کولْمەی چالْ وە تروسکاوی بەرچاو دەکەوت... زەردەخەنەیەکی سووك بەسەرییەوە ئالْەکانیدا شەپۆلی، لێ دەدا و تێ ڕوانینی دەیەویست شتێك دەگەلْ من باس بکا کە هەموجار لە جێگای خۆم دادەمام و داکەوتوو، لە جێگای خۆم دادەنیشتمەوە.... دیسان دە ڕووناکی مۆمەکە ڕادەمام. تەنیا کاتێك نالْەی غەم هێنەر و شوومی دالْەکە، کە لە خوارووی دۆلْەکە دا سکووت و بێدەنگی شەوە زەنگی تاریکی شەوی دەشکاند. بێ ئیختیار لە جێم ڕادەپەریم و بەرەو کێوەکانم وەرێ کەوتم، هەستم بە هیچ نە دەکرد، تەنیا سەرماو زریان و بەسەتەلْەکی هەواش کە ئاگری دەخستە گیانی پڕ لە ئازار و پەژارەم هەست پێ نەدەکرد و بەرەو قەلاْی (بووز) وەرێ کەوتم .... بەلاْم، کت و پڕ بیرم کردوە. .

بۆ بچم بۆ قەلاْی ( (بووز) ) ؟ بۆ؟ بچمە وێ چیان پێ بلێم؟ سەروگوێلاکی خیانەتکارم چۆن بەرچاو خەم؟. دەستم گەیاندە خەنجەر و دمی خەنجەرەکە بەرقی لێ دەررەوشایەوە، و هەستی سووتێنەرم. لەسەر سینگم هەست پێ کرد – ... بێ دەنگ بوو دەنگی هەناسەی هەموان دەبیسرا. گولْناز سەیری مێهرانی برای دەکرد و تێی ڕامابوو، یەکێك لە پێشمەرگە لاوەکان بێ دەنگ فرمێسکی هەلْدەڕشت، بابەك بە دەنگی کپ و لە قوورگ داما و بە خەم و پەژارەوە، ووتی:– درێژی پێ بدە و خۆت سووك و ویژدانت راحەت کە .... . خەم و داخت هەرچی لە ویژدانی پاکت داماووە، هەلْی ڕێژە.

خەنجەرەکەم لە سینگ دەرکێشایەوە... هەستم بە ئێش و ئازار نەدەکرد، بەلاْم دلّم هەروا لێی دەدا و سەرم یە دەوری ملم دا دەسووڕایەوە، و ڕەگی ملم ڕادەپەری .... بریارم دا سەر لە نوێ خەنجەرەکەم بە سینگم داکەمەوە. . بەلاْم کت و پڕ بیرم کردەو، کە خۆم بگەیەنمە ئێوەوە، و نەخشەو پلانی هێرشی (( ئەفشین )) کە بەبا دەست پێ دەکا پێتان ڕابگەیەنم ... هەستم کرد کە حەسامەوە.... خەنجەرەکە هەروا بەدەستم مایەوە، و بەری ڕێگام گرت ول سینگ و دەرونمەوە خوێن دەرژایە دەرەوە، و بە سەر دەستم دا دەڕژا و لە گەرمایی خوێنەکەم، هەستم بە ڕاحەتی دەکرد. لەوەی بەم چەشنە تۆلْەم لە خۆم کردەوە و ئینتقامم لە خۆم وەرگرتوە، خۆشحالْ دەبووم. گوولْناز لە خۆشیان گەشابۆوە و بووغز گەرووی ناسکی داگیر کردبوو، ووتی: هاوڕێ، برام، زەردەشت لە تۆ ڕازی دەبێ... خۆت باش ڕزگار کردوە، و ویژدانی خۆت حەساندۆتەوە. سەرۆك بابەك سەری دانواند و ناوچەکانی (( فەیرووز )) ی ماچ کرد – فەیرووز بە توند و تیژی لە ناو جێگاکەیدا دانیشت و سەیری دەوور و بەری خۆی دەکرد. لە ناو پۆلێك پێشمەرگەدا،

هاواری کێشا.... سەرۆك دەمبووری و لە گووناحم خۆش دەبی؟ ئایا وایە، و ڕاستە کە لێم ڕازی دەبی؟ .... . هەرکە ئەوەی ووت، بەرەو پشت بە دواوە داکەوت خوێن بەسەر پارچەیەك کە برینەکەی پێ پێچرا بوو، داکەوت، سووری هەڵگێرا و بلاوبۆ وە و ڕەنگی دم و چاوی سپی هەڵگەرا و چاوەکانی وێك ناو ... خوێن بە دەم و زاریدا بە کەف کراوی بە ژێر چەنەی دا دەرژایە خوارەوە تێکەڵ بە ڕیش و ڕدێنی ڕەشی دا بلاو دەبۆ وە. بابەك سەری تەکان دا. لە جێگای هەستا و مەڵحەمی برینەکەی بۆ گۆڕی و مستەکانی بە خوێنی سووری فەیرووز خوێناوی بوو. فەیرووز هاورێکی ترسێنەری کێشا، گوول ڕوو، گوولەکەم، گیانەکەم لە کوێ‌ی؟ بە دەنگی بلند نوزاندی، ناڵە و هاوارێکی پڕ لە ئێش و ئازار و غەم هێنەر بوو کە ژوورەکەی پڕ لە دەرد و ئێش کرد – گشتیان کارتێ کرد و و بێ جم و جۆڵ تیّ‌ی دەفکرین و گوڵناز بی‌ّدەنگ فرمێسکی دەرژاند و سەبری مێهرانی دەکرد.

ئاخ، ئەی ( ( دا دارا) ) ی مەزن هێز و توانام پێ ببەخشە تاکو تۆڵەم وەربگرمەوە .... هەتا وەك سەگ بیان تۆپێنم و بەدمی خەنجەریاندا بکەم.... سینگم لە کینە و جووغز دەکوولێ – وا دەخنکێم و هەناسەو نایە... سەری بەرە و، بابەکی مەزن وەرسووڕاند، چاوەکانی بە زەحمەت کردەوە، چاوەکانی تا دار و خوێناوی و سوور هەڵگەڕابوو.

سەرۆك! ( ( ئەفشین) ) بەیانی هێزەکانی بە سێ بەش دابەش دەکا

یەکیان بە سەرۆکایەتی ( (بووغا) ) بە بناری ( (سەبەلان) ) و دەستەیەکی تر بە سەرۆکایەتی ( ( محمد کوڕی حەمید) ) لە پشت کێوی ئەرشەق و خۆشی لە دۆڵەوە بەرە و شاری ( (بووز) ) هێرش دێنێت .... سەرۆك گیان! دەستەیەك یارمەتی دەریش لە ( (سامەڕا) ) وە تا بەیانی دەگەنە جێ ... دەڵێن یازدە هەزار کەس دەبن....

ئاخ داداری مەزن و گەورە هێز و توانام بدەیە، کە بەیانی بتوانم، تەنیا، بە پێوە بوەستم تاکو تۆڵەم وەربگرمەوە... گەورەم ! ( (ئەفشین) ) پێرێ نامەیەکی لە لایەن ( (مەعتەسەم) ) بو هێزەکانی خوێندەوە.... لەو نامەیەدا نووسرابوو کە هەرچەند عەسکەری بۆ یارمەتی پێویست بێ بۆی دەنێرێ، هە حەوتەیەك وشترەکان، درهەم و دینار باردەکەن و بۆ عەسکەرکان و شەرکەرە تالان خۆرەکان و خۆفرۆشەکان دەنێرێت پەیمانی بە ئەفشین داوە کە بۆ هەر ڕۆژ شەڕ، کە شەڕ بکا دە هەزار درهەم و هەر ڕۆژێك شەر نەکا و دانیشێ و بحەسێتەوە پێنج هەزار درهەم پەرداخت دەکا.... بەڵێ سەرداو ئەفشین خیانەتی کرد.

***

دەرگای قەڵای ( (بووز) ) لەسەر چوار ڕەمە بە پانی کرایەوە. .... بابەك بە سواری ئەسپ لە پێشەوە، و کۆمەڵێك سوار، بە ڕێچەکە بە چەشنی تێکەڵاو، و نارێك لە سوارەکانی بە پشتی سەریەوە بوون .... جەنازەی خوێناوی و تێك سرماوی مێهران بەسەر زینەوە شۆڕ ببۆوە.... لاقەکانی بە لایەکی ئەسپەکەوە دەجوولایەوە و سەری ڕووی خوێناوی دەگەڵ سەر و قژی تلیساو بە خوێن، پرش و بلاو و پەرێشان بە سینگی بابەك دا پاڵی دابۆوە... ڕەنگ و ڕوو، و ڕووخساری شین و ڕەش هەڵگەڕاو، کەف و کۆی خوێناوی بە لێوەکانیدا تێکەڵ بە ڕیشی ڕەش و زبری دا دەلکایەوە ... دەستەکانی شل و بێ ئیرادەو لێك بلاو، بەولای، تەرمەکەیەوە تەکانییان دەخوارد و چاوەکانی وێك ناو، و نووقا بۆوە....

سوارەکان لە بێدەنگییەکی سەرسووڕماو و پەرێشان و نا ڕەحەت دا هاتنە ناو قەڵاکەوە ... بابەك لە ئەسپەکەی دابەزی و جەنازەو لاشەی خستە سەر شان و لە پلیکانەکان سەرکەوت و لە پێش ژووری کێشك هەیوان دایبەزاند. . تازە شەفەقی بەیانی دەستی پێ کردبوو، کەڵەشێرەکان بە دەنگی خۆش، مووژدەی بەیانییان لە ناو شارەوە بە گوێ دەگەیاند و کەڵشێرێکی ناو قەلاش خۆی دەهێنایە پێشەوەو پڕ بە سینگ، لە لەبەرزاییەوە وەلامی دەدایەوە...

بابەك دەست ئەسترِی لەژێر زرێ‌ی بەرسینگەوە دەرهێنا برینی ناوچاوانی میهرانی دەسڕییەوە و سەرو گوێلاکی ڕێك دەخستەوە. ئازین و فەیرووز و چەند پێشمەرگەیەکیش بێ دەنگ بە دەورییەوە وەستا بوون. بابەك هەروا لەسەر جەنازە هەڵتروشکا بوو، و کەوتبوە ناو بەحری بیر و خەیالات، و لە ئازینی پرسی – ووتت میهردادیشیان بە دیلی گرت ؟. . بەڵێ سەرۆك!. . ئەو بە تەنیا بوو؟. . نەخێر. . دوو کەس لە پێشمەرگەکانیشی پێوە بوون و بە دیل گیران. . بابەك بێ دەنگ بوو. . لە شوێنەکەیدا، خۆی جێ بەجێ کردوو دانیشتە سەر عەرز و دەستی خستە ژێر چەنەی و هەندێك وورِ ما.

-تۆ لە کوێ دیتت کە ئەو تووش هات و گیرا ؟

نزیك به چادری ئەفشین بوو کە سێ عەرەب لە پشتیسەرییەوە، دەرپەرین و هەڵمەتییان کردە سەر و شمشێرەکەیان لێ هەستاند و خستیانە ناو ڕەشماڵەکە. .

دەنگی پێ یەك لە پلیکانەکانەوە هاتە گوێ کە لە گزینگی ڕەنگ زێوینی بەرەبەیانی، ناوکێو، و شاخەکاندا، هەیکەل و لەش و لاریبەرزی گوڵناز دەرکەوت. . گوڵناز پشوو دانێك سەر سووڕماو وەستا، لەسەر پەنجەی نووکی پێیبە ئارامیو کۆتر وێنە هاتە پێش، بەرانبەر لاشەی میهران وەستا. . بابەك سەری بەرز کردەوەو لە چاوە گەشەکانی کیژەکەی ڕاما — گوڵناز، نالآندی و بە هەنسکەوە هاواری کرد. . میهران. . !میهران؟. .

سکووت و بێدەنگییێکی قوورس و نەفەس بڕ، باڵی بەسەر هەمووواندا کێشا. گوڵناز لە جێگای خۆیەوە، ئەو لاق ئەو لاقی دەکردو هەر جار قوورسلیی دەخستە سەر لایەکیەوە. . بێ دەنگ و ئارام فرمێسکی لە گۆشەی چاوەکانیدا دەرشتە سەر کولمەی ئاڵ و گەش و گولآوی و هەنسکی دەکێشاو پاش تاوێك خۆی بۆ ڕانەگیرا، بە دەنگە لەرزیو وەك تاری ناسکی مۆسیقا پرسی:— سەرۆك ! میهردادیش گیراو بەردەست کەوت ؟بابەك سەری شۆڕ کردەوەو ئازین بێ ئیرادە ووتی:— بەڵێ.

فەیرووز لە پشت سەری هەموویانەوە هاتە پێشەوە، بەلایەکی چەکمەکەیدا هەیکەلی فلزی بچکۆلەی ( (فرۆهیر) ) ی دەرهێنا و بەرانبەر گوڵناز ڕای گرت.

سەر لەشکر ! مێهران لە ئاخرین کات و لەحزەی ژیانی دا داویە بە من کە بیدەم بە تۆ. دەستی گوڵناز لەرزی و هەیکەلەکەی وەرگرت و بۆ لای لێویپشکتووی هێنا و هەر وا کە بێ حەرەکەت و جولانەوە وەستابوو، نالآندی — ( (ئاهوراموورزدا) ) ! خۆشەویستەکان و عەزیزانی ئێمە لە ڕێگای پارێزگاری خۆشەویستەکەماندا گیان دەبەخشن و تۆش گیان لەدەست دان و قوربانییەکان و فیداکارییەکانییان بە ئەنجام بگەیەنە، با چی دی شاهیدی خۆ بەخت کردن و گیان دان و خۆ بەقوربانی کردنی پێشمەرگەکانمان نەبین و فرمێسکی حەسرەت و داماوی هەڵنەرێژین و ولآتەکەمان نەبێتە قەبرستانی لاو و پیر و ڕۆڵەکانمان.

بابەك بە نارەحەتی و غەم وپەژارەوە، سەری وەرگێڕاو، دە شاخە جوان و سەربەرزەکاندا، ڕاما. ڕووناکییێکی کەم ڕەنگ و تەم و مژی بەیانییان کە، بناری دەریای دیواری قەلآی ( (بدیدە) ) دا، جەنازەی بەسەر یەك داکەوتووی دووژمنانی ڕەش، بەسەر زەوی داپۆشراو بەبەفردا بەرچاو دەکەوت و دەورو بەرو سەر بەفرەکان بەخوێنی ڕەنگ تارو تاریکدا، داپۆشرابوو.

* * * *

-

ئەی سەرۆك! سلآو! حەزرەتی ئەمیر جەنابی موستەتابی ئەجەل، ئەفشین خەنزەر کاووس بەدەستی کورکەتان دا، عەفوو لێبووردن نامەی خەلیفەی مەزنیانی بۆ ناردووی. دەستیبە ئیشارە بۆ لای میهرداد درێژ کرد. . میهردادی بەدبەخت و داماو و تێك سووڕماو، بە دەستە لەرزۆکەکانی نامەکەی بۆ لای بابەك درێژ کرد. . بابەك بەبێ ئەوەی بڕوانێتە مێهرداد، نامەکەی وەرگرت و پڕ بە هێزو توانای، لەقوولآیی سینگییەوە هاواری کرد وگووڕاندی،

-ئەتۆ چ سەگێکی ؟

ژنێك لەپشت سەری خەڵکەوە ناڵەی کێشاو هاواری کرد. . ئاخ. . سەرۆك. . زۆر سەخت و دژوارە. . بابەك بە دەنگی بەرز هاواری کێشا: کێ دەڵێ ئەو سەگە کوڕی منە ؟ ها ؟عەرەب: دەگەڵ تۆ مە کێ دەڵێ؟

مێهر داد چرژابوو و دامابوو، دەگریا و خۆی نەدەناسییەوە—

باوکە!. . باوکە. . قووڕگی گیرابوو، بە دەنگێکی نووساو، ووتی:

باوکە! ئەگەر خۆم نەکووشتووە! مۆڵەتم نەبوو. . ماوەیان پێ نەدام. . خستیانمە بەندیخانەو پێچایانمەوە. .

بابەك ڕووی وەرگێڕا و لەژێر لێوەوە ووتی— درۆیە —درۆ. ئینسان هەمیشە ماوەی هەیە کە بێشەرمی و ڕووڕەشی قبوڵ نەکا، ئەوەی تۆ دەیلێیی درۆیە! وە ئێستا بۆ هاتووی‌و بوویتە پەیامنێری ئەفشین؟. . ها؟ لەپڕدا هاواری بەرز کردەوە کە موو لە گیانی هەموانەوە بەرز بۆوە، — ئەتۆ ئەی مێهرداد، هێندە ترسنۆکی ...خوێڕی. . بەدبەخت...داماو. .



www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org
23-5-2003 16:28

بێ دەنگی هێشتا جێگیر بوو کە پرخەی گریانی کیژێك تەرزەی خستە لەش و گیان، وەك قامچی بە گیاندا بکێشی. . ئیتر لەمەو دواوە چۆن زیندوو بژیم و چۆن لەڕووم بێ دەچاوە کاڵەکانی کیژەکانبفکرم وچۆن سەیران بکەم. . ئاخ مێهرداد، مێهرداد. . تۆ مێهرداد.

چەند ژنێك پیلیان گرت و دەژووریکییان ئاخنی، دەنگی نووزەو نووساوی، هەر بەگوێ دەگەیشت – ئاخ مێهرداد، ئیتر چۆن زیندوو بژیم. . بۆ ئەو کارەت کرد...؟

مێهرداد. . بچوك بۆوە، دەخۆوە بۆوە و سەری شل و ژاکاو کەوتە سەر سینگ و هەر لەجێی خۆیەوە، ووشك بوو.... بابەك چاوی لە نووسراوەکەی ئەفشین بڕیبوو، کە، چاوی بە ئەمانەت نامەکەی ئەفشین کە لەسەر پارچەیەك حەریر نووسراو، و مۆر کرابوو کەوت...و بە عەرەبە شاقەل درێژەکەی ووت:– ئەوە بگرە!... بەکەڵکی من نایە، لەلایەن منەوە بە ئەفشین بڵێ من نامەوێ حوکمڕانی ئازە پادەگان بم و بۆ ئەو مەبەستەش من شەڕ ناکەم...ئەو حەقی خۆیەتی کە بەم شێوەیە پەیامم بۆ بنێرێ ... لە زمان منەوە پێی بڵێ ئێمە بۆ ڕزگاری ووڵات بەربەرەکانی دەکەین و نامەوێ هیچ خۆفرۆشێك و هیچ داگیر کەرێك لەسەر ووڵاتی خۆماندا بمانکات بە حاکم...

ئەوە گەل و تێکۆشەرانی خۆمانن، کە ئەو ئەرکە بە ئێمە بسپێرن. ئەو ئەمانەت نامەیەی بۆ بەرەوە و بیدەوە... دەستی بۆ لاوە عەرەبەکە درێژ کرد. دۆستان و برایان و لایەنگران و چەکدارانی ئێمە لەبرسان گیان دەدەن و گیان دەسپێرن و لەخۆ دەبوورن – ئەفشین ئاگاداری ئەوەیە و هەر بۆیەش ئەمانەت نامەمان بۆ دەنێرێ.... وا بیر دەکاتەوە، برسییێتی، و نەبوونی ئێمە تەسلیم دەکاو ورەمان لەناو دەچێ. بەتووڕەیی و پڕ لە هەستی گیانبازی و هەستی خۆبەمەسئولیەت وبەرپرسیاری دایە پێکەنین... ها. . ها. . ها.

عەرەبەکە، زاری لێك کردەوە، و ووتی – حەزرەتی ئەفشین فەرمووی کە حوکمڕانی ئیکباتان (هەمەدان) !! بابەك دەنگی پێ کپ کردو گوڕاندی و هاواری بەسەردا کێشا – ئاخ کاکی عەرەب سوێندت دەدەم بە زمانی ئێمە مەدوێ و ئایەتی یەئس و نائومێدیم بۆ مەخوێنەوە، ئیتر تەواو، بەسە ... مێهراد گەڕایەوە و وەڕێ کەوت. عەرەبەکان بە تێڕاماوی، دوای کەوتن و ڕێ کەوتن و بە دوایدا ڕۆیشتن و خێرا، خێرا تەماشای پشت سەری خۆیان دەکرد. مێهراد بە فش و فۆڵی هەنگاوی دەنا و بە دڵ تەنگی، بە لاو ئەو لادا ڕیگای دەبڕی، بەڵام بەسەر شۆڕی و سەری، بەرزی نەدەکردنەوە.

بە دوای سەریەوە ئاه و ناڵەی ( (سارای) ) هەڵدەکێشا و سەرەن قولاتی ئەدا – مێهراد ... بێ وەفا ... منت کووشت ... منت ئاڵودە و زەلیلت کردم ... ها ! مێهراد ... مێهراد. لەکەیەکی ڕەش لە پێش چاوی مێهراد دەهات و دەچوو، و یاری دەکرد لە ناو مێشکیدا، شۆڕشێك و هەڵچونێك دەهات و دەچوو، سووڕەت و دم و چاوی سوور هەڵگەڕا بوو، و ئاگری لێ دەباری و سەرما و سۆڵەی ڕێگاش هێندەی تر، سووری هەڵگێڕابوو، و ئاگری لە لەشی دا کردبۆوە،

عەرەبەکان یەك ڕیز، ووشەی قوورس و خەست و گرانییان دەجووت و غەرغەرەیان دەکردو هەندێك جاریش موچوڕك هێنەلر بەساردی پێدەکەنین.... مێهرداد بە بزێوی و تا لێهلتوویی، بیری دەکردەوە، بۆخۆم تێگلاند و خۆم بەو حاڵە گەیاند و لەکەی ڕەشم خستە داوێنی پاکم!؟ چ نیازێك و ئامانجێکم هەبوو؟. . لە مردن دەترسام؟ کاتێك بۆ جاری دووهەم خەنجەرەکەم داهێنا بەسەر سینگم بۆ کارەکەم یەکسەر و تەواو نەکرد. . ترسام. . بۆ خۆم بیرم دەکردەوە لە دەستی ئەو شەیتانانە ڕاکەم و چەند کەسێکیان لێ بتۆپێنم ... ئەوە لە ترسان بوو؟. . بەڵام سارا چ هاوارێکی دەکێشا و زۆر ڕەنجی دەکێشا ... حەقی خۆیەتی. . نزم و بچووکم کردەوە. . لەچاوی کچەکانی تر شەرمەندە بوو، ئاخ چەند لەخۆم و ژیانم بێزار و بێز لێهاتووم. عەرەبێك کە کوردی وورد دەکردەوە و سەرو گوێلاکی دەشکاند لێی دەپرسی – بابەك هەڵەی کرد ئیتر ئیعدام دەکرێ. . و لەناو دەچێ. . مێهرداد گرژی کەوتە ناوچاوانی و بەسەریاندا گووڕاندی بۆ ئێوە زۆر زووە کە لەمەڕ باوکم بدوێن. . زۆر زووە...

بەڵام عەرەبەکە گاڵتەی پێ هاتێ و دایە پێکەنینێکی درێژو پڕ مانا کە دەنگی پێکەنینەکەی دەکێوەکان ئاڵۆزا، ها. . ها! ... تۆ دەڵێی چی. . ئەو، ئەتۆی وەك سەگ دەرپەڕاند. .

مێهرداد مووچڕکی پێدا هات و سەهۆڵی کرد ...ئێسقانەکانی هەڵدەوەشا، چەنگێکی ئاسنین ناو سکی دەپێچا و دڵی هەڵدەقەند. ناڵەو ئاخێکی پڕ ژان لە سینگی داپۆنگی دەخواردەوە، وئاخێکی ساردو قورس لە سینگیدا شۆڕ بۆوە ! بیری کردەوە: ڕاست دەکا... چەند بەد بەخت و چارە ڕەشم... ئەو پیس و پۆخڵ و گلاوە گاڵتەم پێ دەکا... بەڵام لانی کەم پێ یان نیشان دەدەم.... ئەگەر باوکم ڕەنجاند بەڵام بەو دووژمنانە پێشان دەدەم، کە هێشتا ڕوح و ووزەم نەمردوە.... ڕاستە کە خۆگریم نەکردووە بەڵام تۆڵە دەکەمەوە...

www.kurdistannet.org
23-5-2003 16:28

تۆڵە لە خۆم دەستێنمەوە. ئەوان بە ناو تەم و مژی ساردی شاخەکاندا بە تووندی تێپەر دەبوون و دەڕۆیشتن – لە پشتی سەریانەوە قەلآی ( (بووز) ) چاوە دێری و بەسەر زەنیشتەوە تەماشای دەکردن و بەرامبەریشیان لە قەراغ دۆڵ و شێوەکانەوە لەسەر تەپۆڵکەکان و زنجیرەی درێژی کێوەکانەوە چادر و ڕەشماڵی عەرەبەکان هەڵدابوو، یەکێك لە عەرەبەکان لە پێشەوە و ئەوی تر بە دوایەوە و مێهراد لە نێوانیان دا بەرێوە دەڕۆیشت. . مێشکی لە خیالات ئاخێررا بوو ... کاتێك گەیشتنە لێواری هەڵ خلیسك و پشت کووڕاوی گاتشە بەردێك، مێهراد ژێر پیێی خۆی تیێ ڕوانی ڕووباری ( (کەلآن) ) کە ناوی پڕ لە شەپۆڵ خۆی بە لێواری گاشە بەردەکانی قەراغ ئاوەکە دەکێشا... چاوەکانی دەرەوشەوە دەهات و لە دڵی خۆیدا ووتی: سارا گیان هەزاران داخ کە دیار نی؟ وەرە ببینە و سەیرکە.... مێهراد بڕوانە کە : چەند جوان تۆڵەی ترسەکەی دەکاتەوە و ئەتۆ لە شەرم و خەجاڵەتی دۆست و دووژمن و هاورێکانت ڕزگار دەکا... چاوەکانی وێك ناو ڕاپەڕی و کەوتە ناو هەواوخۆی هەڵداشت.... عەرەبەکەی لە پشتەوە دەڕۆیشت هاواری بەرز بۆوە و نەڕاندی: بووم – جاحف، جاحف ! بڕوانە!

دەنگی قوورسایی و خەتی خۆ هەڕاشتنی مێهراد لە ناو هاژە و هاواری چۆمی ( (کەلآن) ) دا لە ناوچوو.

گوولناز گیان ! کیژی جوان و باش ئازاکەم! بە جوانی موسیقای ( ( چەنگ) ) م بۆ وەگریان بێنە، دڵم زۆر تەنگە و دەمەوێ گوێ بگرمە دەنگی ( (چەنگ) ) .

گوڵناز ( (چەنگ) ەکەی خستە سەر ئەژنۆ و سەری بەسەر ( (چەنگ) ) دا شۆڕ کردەوە و تاڵە، باریکەکانی ( (چەنگ) ) ی لەرزاندە، و ئاهەنگێکی دڵسۆز و غەمگینی، پڕ لە ناسۆر، ژوورەکەی پڕ کرد.

بابەك دواین جامی شەرابی ڕەنگ یاقووتی، بەسەر داکێشا و ڕووبەڕووی ئاگر پاڵی بە دیواری ژوورەکە وەنا.

گوولناز لە بەرگێکی سپی وەك فریشتەیەك دەستی بەسەر چەنگ داکێشا بوو، نەوایەکی پڕ لە سۆزی دەست پیێ کرد بوو – هێندە بە هێدی و ئارامی پڕ پەژارە دەنگی موسیقای بەرز دەکردەوە و کە خەم و ناڵە، فرمێسکی ئارامی لە چاوی بابەك هەڵدەوشت و دڵی گەورە و پیاوانەی دەلەرزاند و ئێش و ئازاری زیاد تر، دەکرد و لە خیاڵی هەڵدەبوارد!. بۆ لە ناوچوونی مێهران عەزای دەگێڕا!

کیژۆڵەم، کچی باشم!... کەم کەم، تین و گەرماوی شەراب وەك سێبەرێکی قورس و سەنگین، قورسایی دەختە سەر مێشك و هەستی بابەك، چنگوورکی دەخستە سەر دڵی نا ئاوام و پڕ لە هەست و دڵسۆزانەی لە تاریکی کە هێزی فکر و بیرکانیدا، دەکەوتە یاد و بیری رابردوو لە دەرەوە باڵندەی شەوگەڕ دەیناڵاند و دەنگی تیژی دەکەوتە سەر ئاهەنگی ( (چەنگ) ) و تێکەڵ بەو موسیقایەوە دەبوو – بابەك دەکەوتە بیر و یادی: ئەو شەوەی کە سوپای ( (یەحیا) ) کووری ( (مووعاد) ) ی لێك هەڵپرژاند و بڵاوی کردەوە و شکستی دا و دەنگی لە تاریکی شەودا بڵاو دەکردەوە، بە {ڕاستی بۆ؟ لە بەرچ بوو؟ کە ئەو شەوە تا ڕۆژ نەخەوتم؟، خەمێکی بیێ سابیقە و نەدیتراو چنگورکی لە دڵی دا، دەکووتا و دڵی لە بارێکی ناتەواودا دەلەرزاند و دەیهاژاند.

( ( بیێ خواردنی داماوی و مووسیبەتێك بوو، ئەوان ناهێڵن کە لادێکان و شارەکان دوور بمان ئازوقەمان بگەیەنیێ، ئەی نا جوانمێرەکان! نامەردینە!) )

پاش تاوێك لە جیێ ڕاپەڕی و تەکانی خوارد و لە بێدەنگی جا لە باڵ خۆیدا ووتی ( (تا ئافەرین کەس شەڕم دەگەڵ کردوون) ) ئێستا ئێتر لە قەلآ دا سی، چل سواری برسی و بی لیباس و نێوشاك و یەك دوو گاو مەڕی برسی و لەڕ نەماوەتەوە لە ( (بیزالنس) ) یش خەبەرێك نەگەیشت! ئەگەر تئوفیل میخائیل ئەمیراتووری بیزانس براکانی ئێمە کە لە ساڵەکانی دوایی دا لە زیندانەکانی عەرەبەکاندا ڕایان کردۆتە ئەوێوە و بە یارمەتی ئێمە بی ناردبانەوە و یارمەتیان کردباین سەردەکەوتین و ئاڵقەی گۆمارۆمان دەشکاند و سەردەکەوتین، تا ئێستا وەڵامی نامەکەیان نەداوەوە.... ئێتر ناکریێ سەبر بگرین – بە دوور نازانم تا چەند ڕۆژێکی تر ئەو چەند کەسەی تریش لە برسان بمرن و ئەو چشنە مردنەش لە بیێ غیرەتی و بیێ ورەیی و داماوییە. دەبیێ بە چەند کەسەی ماوینەوە زەبرێکی کاریگەریان لیێ بوەشێنم...) )

چەنگ ناڵەو هاواری دەربڕی و ئاهەنگێکی سەری پڕ لە داد و هاواری ڕاچڵەکێنیێ دەست پیێ کرد. بابەك هۆشی لە خۆی نەبووکە، کەی زەمینەی ئاهەنگەکەی گۆڕاوە. گوڵناز حالەتێکی داگیرساو و شۆڕشگێڕانە و تووڕەیی بە خۆیەوە گرتبوو، گشت لەش ی شووش و باریك و جوانی لە ناو ئاهەنگی شەڕدا دەلەرییەوە و سەر و قژی ئاڵی دەگەڵ ئاهەنگی شەڕ بڵاودەکردەوە و هەڵدەبەزییەوە. بابەك

بیری كردەوە ( ( – گوولـنـاز كینژەكەم زاڵ بووە بەسەر غەم و پەژارە وتیّ ڕوانینی ئەویش دەستی لـە غەم و حەسرەت شوریوەتەوە و ئاهەنگی شەڕ لێ دەدا، ئافەرین، ئافەرین! گوڵناز گیان.

* * *

لـە دەگای ئاوەڵەی قەلاّی ( (بووز) ) بابەك و سی، چل سوار بە كت و یڕی هاتنە دەرەوە و ڕو بەڕووی عەرەبەكان هەڵیان كووتانە سەر و پەلاماریان برد. بەرەبەیانی ڕۆژێكی بەهاری بوو، و هەتاو تازە پێكەنێنی هیدی و زەردەخەنەی ئارام و شاد باشی لـە كێوەكاندا بلاّو و پەخش كردبۆوە. دوو پەل چێشكەی شاخەكان لـە هەوادا پەڕ و باڵیان لـێك دەدا و دەیتن خوێند و جریوە جرییان بوو.

قەلاّی بووز ئارام و هێدی و بێدەنگ و بەتاڵ بە چاوی نیگەرانی، بە دوای سوارەكانی دا، چاوی تێ بڕی بوو و سینگی هێنابووە پێش سوارەكانی بیّ وەستان، لـە تۆپلكەی بچوكیپێشیانەوە سەركەوتن، لـەوێوە ئۆردووی عەرەبەكان، كە كەوتبوونە ناو بەرزی و ترمی زەوی و دۆڵی درێژ و باسك هاوێژی شاخەكەوە دیار بوون، عەرەبەكان هەر بە دیتنی سوارەكانی قەلاّی (بووز) بە دەست پاچەیی و نیگەرانی خۆیان هاوێشتە پشت ئەسپەكانیانەوە و شەیپووی شەڕیان وە دەنگ هێنا. هێندەیپیّ نەچوو، ڕشتەو زنجیرەی تێگەلاّو و بەسەر یەك داكەوتن و بەرامبەر بابەك وەستان، ئەفشین بە عەباد سەڵتەیەكی زێر دۆز و چەمكەی بریقەدار بە سواری ئەسپێكیا بە خۆوە و بالاّ بەرز و بەرانبەریان وەستابوو و زەق زەق و بیّ شەرمانە دەیروانیە بابەك، چاوەكانی مات و كراوە و زەق دەبیندرا.

بابەك ڕوانیە پشتەوە، چاوێكی بەسەر سوارەكانیدا ڕاكێشا و سەیری كردن و بە خێرایی ركێفی داوەشاند ئەسپەكەی و لـە جیّ دەرپەڕی و هەروەك تیّركێك پەلاماری بردە سەر عەرەبە ( (تازی) ) یەكان و خۆی گەیاندە ناوەندی سوار و هێزەكەیان و لـە ناویاندا نقوم بوو.

* * *

<u>**سامەڕا**</u> : پر لـە جۆش و خرۆش بە چەشنێكی تووفانی پێشوازی لـە بابەك كرد... ئەویان بە دیلی سواری فیل كرد بوو، بەسەر كلاّوەی خووری و جل و بەرگێكی جوان و ڕێك بەسەر قژی تێك چوو و بلاّو بۆوە بەرەو قەسری مووعتەسەم دەیاهێنایە پێشەوە ... لـە ڕێگای سامەڕا دا، ئەو لاو ئەو لای جادە ژن و پیاوە عەرەبە ڕەشەكان بە كۆما چەپلەیان لێ دەدا، هاواریان دەكرد ... ئەفشین شان بە شانی فیلی گەورە و گۆشتاوی كە خرتووجەكەی بەو لاو ئەو لادا دەكێشا و تەكانی دەدا، سواری ئەسپێكی بالاّ بەرز كە، نیو تاجێكی درەوشاوە بە ئاڵتوون و ئەڵماس ڕازا بۆوە و یا قووتەكانی لـە ناو بریسكەی هەتاو دەدرەوشایەوە، ئەسپەكەی لێ دەخووڕی و هەناگو بە هەنگاو بە هەڵتە و پێكەنین و شادی و خۆشی عەرەبەكان بە حەرەكەتی دەست و ولاّمی دەدانەوە سەر و ڕووی دەدرەوشایەوە و بە غرورفش و فۆڵی گاڵتە پێكراو كە بە ڕوویەوە دیار بوو بەرێوە دەڕۆیشت. دەستەو پۆلـێكی نارێكی عەرەبەكان و منالـەكانیان بە دوای فیلـەكەی بابەكەوە هەڵدەبەزینەوە...

هەراو دەنگی ناقولاّ و توووند و تیژی عەرەبەكان، لـە گویّ ی بابەك دا دەزرینگایەوە و لـە مێشكی دا تاریكایەكی نا دیار نارەحەتی دەكرد و سەر و ڕووی بێشەرمانەی جاش ئەفشین ئازاری دەدا و پێكەنینی نا جوامێرانەی تاری دڵی پڕ ئاڵۆزی دەلەرزاند.... لـە مێشكی بەتاڵی دا پرسیارێك خۆی بەدی دەكرد دەهاتە پێش – <u>**جاش ئەفشینت بە چ دەفشیّ و شانازی بە چ دەكا؟. . چما چاوی پڕ لـە فرمێسك و ئاخ و ناڵەی نەهێنی و نەفرەت و غەزەبی ئەو هاوڵاتانەی خۆی نابینی و هەستی پیّ ناكا، شانازی بە جاشێتی و خەیانەت لـە فەرهەنگ و عوورف و عادەتی چ گەلـێك دایە و مەگەر نەفرەتی ئەو ئیرانیانەی وا لـێرە دا كۆزیلكەیان كردوە نابینی و سەر بە بێگانە و نۆكەری جیّی چ خۆ فش كردنەوەیەكە؟...**</u>

خەڵكەكە، جەماهیر، پڕ لـە هەست و هەیەجان، هاوار كێشان و ڕاكردن و هەڵبەزینەوە لـە پێش مەجلیسی شۆرتەی سامەڕا تیّ پەڕین.... لـە سەرووی شەقام لـە نێوان گۆڕاییەكی پڕ دارو درەخت كە لـە پێشەو جەنگەڵ دەچوو، كاشی زێر ئاڵتوونی درەوشاوەی كۆشكی موعتەسەم دەدرەوشایەوە و سەر دەرگای، ڕەنگین و جوان ڕازابۆوە، كە ڕای مرۆڤی بە خۆیەوە ڕادەكێشا .... سەربازەكانی پارێزەری كۆشك هاتنە پێشەوە فیلـەكەیان دوورخستەوە... <u>بابەك بێدەنگ و سەر بەرز و قایم و چووست و چالاك لـەسەر فیلـەكە خۆی فڕێدایە خوارەوە، لـەو كاتەدا عەرەبێكی بێشەرم و ڕووتەڵە لـە پشتەوە بەردێكی كێشا بە سەری بابەكەوە.</u>

www.kurdistannet.org
23-5-2003 16:28

بابەك نیگایەكی پڕ لە غزەب و تووڕەیی و سوتێنەری خستە ناو خەڵكەكەوە و دەنگێكی بەرزی بیست — هۆی! جانەوەر ! وەحشی، بێشەرم! شەرم كە !... ڕوو ڕەشی و نەمان بۆ ئەفشین ... دەنگەكە لە ناو هەرا و هووریای وەحشانەدا بێ دەنگ مایەوە — ئەفشین پێكەنینەكەی قووت دەدایە و سەیری خەڵكەكەی كردد

* * *

مووعتەسەم لەسەر تەختێكی زوومەرەدی بەرز و درەوشاوەوە، لە سەرووی تالار (قاعە) لەسەر بەرزاییەكەوە دانیشتبوو، و پشت سەری پەردەیەكی پڕ ڕەنگی مەخمەلی نەرم كە بە هێدی شەپۆلێ دەدا. لە لای ڕاستەوە لەسەر كورسییێكی سوورمەپۆشی كورت تر، ئەفشین ی خائن بە تاجێكی ئاڵتوونی زێڕین، عەبایەكی زۆر جوان و گران قیمەت و پڕ نرخ دانیشتبوو. پەردەی میناكاری و پڕ لە وێنە و ڕەسم، لە پێش و سووچ و پەنای تالرە گەورەكەدا بەدی دەكرا. عەتر و بۆنی خیاڵ هینەر و زەوق بزوێنەر لە هەوای تالارەكەدا بلاوبۆوە، كەمێك خوارتر لەسەحنەكەدا دوو ڕیزی چەپ و ڕاست ئومەرایی سووپا و لەشكرەكانی عەرەب بە عەبا و جووبەی بە ئاڵتوون چندراو و رازاوە و شمشێری درێژ و دەم پان و عەمامەی سپی بریقەدار و ئامر هێزەكانی تورك بە لیبای ناياب و جوان و گوڵدۆزی كراو و پڕ لە تروسكە و سەردۆشی (چەنافی) پڕ لە نیشان و ڕەسم دانیشتبوون. لە كەنار دەرگای هاتنە ژوور لە ژووروویتالارەكەدا، جەلادێكی سوور پۆش بەساتۆرێكی دم پان و تیژ وەك بزماری داكووتراو قیت وەستا بوو كە ڕوبەڕووی خۆی تەماشا دەكرد.

ئەفشین خۆی لە خەلیفە تریك كردەوە و شتێكی بە گوێ خەلیفەدا چرپاند. بزەیەكی تیژ و سەرلێوی بە ریشی ماش و برینجی و زبری موعتەسەم دا پژاند. هێدی و ئارام بە دەنگێكی بۆ ڕەوە، ووتی بیهێننە ژوورەوە، ئەفشین ئیشارەی بە دو كەس لە چەكدارەكانی بەر دەرگا كرد، ئەوان بە گورجی لە تالارەكەدا چوونە دەرەوە گشت سەروكەكان ڕوویان كردە دەرگاوە و بێدەنگێكی قووڵ و قووڕس تالاری داگیر كرد. چەند لە خولەیەك و دەقیقەیەك پاش بێدەنگێكە بابەكی قارەمان، بابەكی ئەسیر و دیل و دەست بەسترا و كە چەند چەكدار چاوەدێریان دەكرد و پێش خۆیان خستبوو بەسەر بەرزی و قیافە و سیمای پیاوانە و جل و بەرگێكی ڕێك و پێك بە هەنگاوی قورس و پیاوانە هاتە ژووری تالارەكەوە و لە ناوەڕاستی تالارەكەدا لە ژێر چل چرایەكی ڕازاوە و ژێر و تەلای زێرین ڕاوەستا. ڕوانینێكی پڕ پرس و لێكۆڵینەوەی بریە سەر سەر دار و دیوار و سەر فەرشە بە تالان براوی خۆماڵی و گران قیمەت و دەستكاری كچە كوردە هەژار و زەحمەتكێشەكان كە لە تالاری پڕ كردبۆوە و پانایی كەفی عەرزی داپۆشی بوو. كاتێك كە، سەركۆڵەكەكانیت (ستوون) ڕازاوەی زەمانی ساسانیەكانی لە ناوەندی تالارەكەدا چاو پێ كەوت و كت و پڕ ئاخێكی سارد و غەم هێنەری درێژی كێشا، كە حەسرەتێكی دڵتەزێنی خستە ناو جەرگ دڵی زامداری، و پشو و هەناسەیەكی ساردی هەڵكێشا. دز، دزینە، ئەوە ریسالەتەكانە!!!

موعتەسەم لەسەر تەختە شاهانەكەی دەرپەڕی:

سەگ ! ئەوە چ فیتنە و سەربزێوێك بوو كە بەرپات كردوە و دینات لە ئێمە هان داوە.

بابەك چاوێكی پڕ لە هەڕەشە و سەیری بە موعتەسەم بیلا دا گێرا و بێدەنگ وەستا. ئەفشین هاواری كرد:

بابەك! خەلیفەی مەزن و بەرز مقام دەگەڵ تۆیەتی: بابەك هەروا كە ڕووبە ڕووی هەردوكیان وەستا بوو چاوی لە ئەفشین بڕی بوو بۆوە دەردەپەڕی كە ئەفشین ی دەبڕی و كوونی دەكرد. شازادەی ئەشرووسنە شەرماوی و سەر شۆڕ توانای دیتنی بابەكی نە دەهێنا و ملی خوێرانەی شر كردەوە، دەنگی دوو، ڕەگە و نووسا و و بەگووڕی بابەك لە ناو هێلالەكانی مەزن و پڕ شكۆی تالار پێچرایەوە، كووڕی كاووس لێرەش دا هەردەبێ تەنیا تۆ پێش هەموو كەس دەنگ دەربڕی و زیاتر لە هەموان هەر تۆ دەبێ ماستا و بۆ ئەو عەرەبە داگیركەرانە بكەی؟ نەنگ و ڕو ڕەشی بۆ تۆی خائین!!. بلە بڵ و هەرا لە تالار دا وەڕێ كەوت و فەزای بێدەنگی ساڵۆنەكە شكا.

توركەكان تووڕە و تۆس بە هەڕشە وە جنێویان دەدا و یەكێك لەسەرداره عەرەبەكان شمشێرەكەی هەڵكێشا بوو بە ڕووتی هەڵی دەسووڕاند و بە پێوە وەستا بوو، بەلاّم بابەك ئارام و هێدی و لەسەرەخۆ و تێك نەچرما و لەسەر سوورمانێكی پڕ لە خیاڵ و خەو تەماشای دەكردن. دەنگی موعتەسەم بەرز بوە و هەرا كپ بوو....

جەلاد ... جەلاد.

جەلادەكە ڕای كرد و هاتە پێشەوە، سفرەیەكی چەرمی گەورەی خستە ژێر پیێ بابەك و هەردوو قۆڵی هەڵماڵی و" نەعم سەیدی" :

www.kurdistannet.org
23-5-2003 16:28

بابەك هەروەك ئەوە، هیچی چاو بێ کەوتبێ دەیروانیە فەزای سالۆنەکە، هەروەك کەس کاریشی بەو نەبێ خەلیفە سەر سوورماو و تووڕە چاوزەق ماو دەیڕوانیە بابەك و بێدەنگ بوو. جەلاد دەستی بابەکی گرت... ئەو بۆ خۆی بە گوورجی چووە سەر سفرەکە و دانیشت زەردە خەنەیەکی ڕوون و پڕ لە شادی لێوەکانی دەجوولاند موعتەسەم بە تووڕەیی واری کێشا و حیلکاندی دەست و قاچەکانی ببڕنەوە! بابەك هەردەخەنی و لە ژێر لێوەکانییەوە زەمزەمەی دەکرد... وا بەرچاو دەکەوت مە ( (ئەورادێك) ) لە ئاڤێستا دەخوێنێ جەلاد بە نەرمی و بە ووریایی ساتۆرەکەی خستە سەر شانیەوە و دای هێنایە سەر بابەك ی ئەسیر و ئازا و جوامێری ( ( سووورپۆشی) ) و دەنگی ئیسقانی بابەك وەك ئالەتێکی فلزی دەنگی دایەوە، بەلام هیچ لە جێگا نەجوولایەوە... تەنیا خەتێکی باریك کەلێنی چاوی قوولٌ کرد، لە کاتێکدا ددانی بەسەر یەك دا داگرتبوو، چیرەی ددانەکانی سپیایی بلاو دەکردەوە خوێنێکی کوولێوو و پڕ لە جۆش لە ژێر کراسی جوان و زێر دۆزی بابەك ڕژایە سەر سفرەی چەرمینی (بێدادی) ... سپیایی ئیسقانی سەر شانی لە زەوقی پیاوی دەدا... جەلادەکە، ساتۆرەکە بە داوێنی دەستڕیەوە و لاقی چەپی بابەکی ڕاکێشایە سەر سفرەکە بابەك بە حالەش یارمەتی جەلادەکەی دەکرد و خۆی قاچی بەرزکردەوە، تا ئەژنۆ بۆی لە بار کرد... هەستی دەکرد کە ژان و ئێش و ئازارێکی کووشەندە و ریشەکێش لە مێشکی ئێسقانەکانی دا تەزیوە و دلّی تێکەوە دەچێت بەلام بەو حالەش ددانی بە جەرگەوە دادەنا و خۆی نەدەشێواند و قووەت و توانای دلّی دەدا. ( ( دادار) ) ی مەزن یارمەتیم کە: مەهێلّە لە پێش ئەو دوژمنانە دلّ ڕەق و مرۆڤ نەناسانەدا کە نەفت بم... مەیهێلّە بنالّێنم و دەنگی ئیش و ئازار دەربڕم، و ئیتر خیالاتی تر لە تاریکی تەپ و مژداگرتوو، دەرژایە ناو مێشکی سەرو گوێلاکی تاریك و تێکەلاو، وەك تارمایی و نەناسراو بە پێش چاویدا دەهات و دەچوون ... گوێیەکانی قورس و کپ ببوو... وای هەست دەکرد کە دووسێ زەربە بە ئێسقانی قاچی چەپی داهات... بەلام هەستی بە ئێش و ئازاری زۆر نەکرد، تەنیا دلّی لە ناکاو ئالۆزا و هەرای گەیشتە گیانی و وەك مردن خۆی لێ نزیك کاتەوە هەر دەستێکی ڕەشی دەبینی و بە زەحمەت سێبەری گەورەی خەلکی لێك دەکردەوە. دەنگێگی نووساو، و لیوانی لێك دەبنەوە!!؟

بابەك خۆی لە ناکاو دەستی بردە خوێنی خۆی، خوێنەکەی لە، دم و چاوی خۆی هەلسوو، دم و چاوی سوور و خوێناوی بوو، و چاوەکانی لە ڕووکاری سوور هەلاتوودا، سەر و ڕووی سەیر و عەجایب دەنواند، چەند، ووشەی لە دم و زاری دا، ترسینەر و نیوەکارە دەبڕا، موعتەسەم بە سەری دا گووڕاندی – ئەوە چ دەکەی هەی کافر؟. بابەك ئەو هێزەی تیّ یدا.

عەبدوولا شلێر، پێشمەرگەیەکی دێرینی کوردستان، ئەمروکە لە تەمەنێکی زۆردا ڕوژە بێهوودەکانی دووره ولاتی بەسەر دەبات. بۆ پەیوەندی پێوەکردنی :

نەرویج
ژمارەی تەلەفۆن: 00 47- 51882843

( ( عەبدوولا شلێر، نووسەری ئەم چیرۆکە، پێشمەرگەیەکی دێرینی کوردە، پاش زیاتر لە بیست و پێنج سالّی خەباتی پێشمەرگایەتی، ئەمڕۆکە لە تەمەنێکی گەورەو ماندوو، لە ناو بێدەنگیی و دوورەولاتیدا ڕۆژگارەکانی بەسەر دەبات. لە ولاتی نۆرویج، ئەم چیرۆکە هەندێك ووشەو دەربڕینی شێوازی کۆنی تێدایە، بەلام بۆ ئەوەی تامی خۆی بمێنێت ئێمە وەکوو خۆیمان نووسیوەتەوە.) )

تێبینی کوردستان نێت:
ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.